Australian Government

Department of Home Affairs

# Information to be provided to a detainee about identification tests

# ئەو زانیارییانەی کە دەبێت بدرێن بە دەستبەرسەرکراوەکان (detainee) لە پەیوەند بە تاقیکردنەوەکانی ناسینەوە

Form

**1247i KURS**

KURDISH (SORANI)

بەپێی *Migration Act 1958* (کارنامەی کۆچ ١٩٥٨)، فەرمانبەرێکی ڕێگەپێدراو لەوانەیە داوا لەو کەسانە بکات کە نا-وەلاتی ین و لە گرتوخانەکانی وەزارەتی کۆچ دەستبەرسەرکراوەکان کە یەکێک یان چەند شتێک لە هۆیەکانی ناسینەوە ی تاکەکەسی کە لە خوارەوە دیاریکراون پێشکەش بکەن:

- پەنجەمۆر یان دەستمۆری کەسەکە (بەوانەشەوە کە مەرەکەبو کاغەز تێیاندا بەکاردێت یان تەکنۆلۆجیای دیجیتالی سکانی-زیندو)؛
- پێوانی کێشو باڵای کەسەکە؛
- وێنەی کەسەکە یان هەر شێوەیەک لە وێنەگرتنی دەموچاو و شانەکان؛
- واژۆی/ئیمزای کەسەکە؛
- هەر شێوازێکی دیکە بۆ ناسینەوەی کەسێک وەک ئەوانەی کە لە ڕێنماییەکانی کۆچ بۆ ساڵی ١٩٩٤ (Migration Regulations 1994) هاتوون.

**تێبینی:** ئەوە دەوەستێتە سەر فەرمانبەرە ڕێگەپێدراوەکە کە کام لە شێوازەکانی ناسینەوەی ئەو کەسانەی کە هاوڵاتی-نین لە کەسەکە داوادەکات.

وەزارەتی کاروباری ناوخۆ(وەزارەت) داوای هۆیەکانی ناسینەوەی تاکەکەسی دەکات بۆ هەڵسەنگاندنو دیاریکردنی شوناسو ناسنامەی تۆ.

## چۆن (وەزارەت) هۆکارەکانی ناسینەوەی تۆ بەدەستدێنێت؟

بە پێی کارنامەی کۆچ، تاقیکردنەوەکانی ناسینەوە ئەبێ بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە، نائینسانی یان سەر شۆرکەر نەبێ، یان بە شێوازێکی بێ نائینسانیانە ڕێز لە کەسەکە نەگرێ و دوور لە ڕێزگرتنی مرۆڤانە.

**تاقیکردنەوەی ناسینەوەی تۆ جێبەجێدەکرێت:**

- لەلایەن فەرمانبەرێک کە بەپێی کارنامەی کۆچ (Migration Act) ڕێگەی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکانی ناسینەوەی پێدراوە؛[1]
- لەلایەن فەرمانبەرێک کە لە هەمان ڕەگەزی تۆیە، ئەوە ئەگەر داوای ئەم شتە بکەیت؛
- بە ئامادەبوونی کەسێکی بێلایەن، ئەمەش ئەگەر تۆ حەزبکەیتو لەو کاتەشدا کەسێکی بێلایەن بکرێت لە شوێنەکە ئامادەبکرێتو کەسەکەش ئامادەیی ئەوەی تێدابێت کە بەشداری لە تاقیکردنەوەکەدا لە ماوەیەکی گونجاودا بکات (ئەگەر تۆ کەمتەمەن بیت ئەوە لەو حاڵەتدا دەبێت دایکوباوکت، سەرپەرشتیارەکەت یان کەسێکی بێلایەن حەتمەن ئامادەبێت)؛ [2]
- بە ئامادەبوونی کەسێکی بێلایەن، ئەگەر هاتو تارادەیەک هێز بەکارهێنرا؛
- لە بارودۆخێکدا جێبەجێبکرێت کە نهێنییەکانی تۆ تا ڕادەیەکی چاک بپارێزێت..

کاتێک واپێویستدەکات کە کەسێکی دیکە بە ئیزافەی فەرمانبەرە ڕێگەپێدراوەکە ئامادەبێت، ئەوە لەو کاتانەدا تاقیکردنەوەکانی ناسینەوە بە ئامادەبوونی یان لە پێش چاوی کەسێک کە لە ڕەگەزەکەی پێچەوانەی ڕەگەزی تۆیە جێبەجێ ناکرێن، ئەوە ئەگەر هاتوو تۆ داوی ئەو شتەت کردو جێبەجێکردنی داواکەشت عەمەلی بێت.

**بە ئیزافەی ئەمانە:**

- فەرمانبەرە ڕێگەپێدراوەکە لەوانەیە لە هەندێ حاڵەتدا بە ڤیدیۆ تاقیکردنەوەکەی ناسینەوە تۆماربکات؛
- ئەو فەرمانبەرە ڕێگەپێدراوەی کە بە تاقیکردنەوەکەی ناسینەوە هەڵدەستێت لەوانەیە داوا لە فەرمانبەرێکی ڕێگەپێدراوی دیکە بکات یان هەر فەرمانبەرێکی دیکە بۆ ئەوەی لە پرۆسەی تاقیکردنەوەکەدا یارمەتی بدات.

## دووبارە-تاقیکردنەوە

ئەگەر هاتوو ئەو هۆیانەی کە بۆ ناسینەوە پێشکەشتکردبوون نەکرێت بەکاربێنەوە یان فەرمانبەرە ڕێگەپێدراوەکە بە بەڵگەکانی ناسینەوەت قایلنەبوو ئەوە لەوانەیە لەیەککاتدا داواتلێبکرێت هەمان هۆیەکانی ناسینەوە زیاتر لە جارێک پێشکەش بکەیت.

لەوانەیە داواتلێبکرێت هەمان هۆی ناسینەوە لە بۆنەیەکی دیکە پێشکەشبکەیتەوە. هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە هەندێکجار لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان بەڵگەکان بەباشی دەرناکەون، یان یەکسەر دوای تاقیکردنەوەکان دەرنەکەوێت کە هۆکارەکانی ناسینەوە بێکەڵکن. فەرمانبەرە ڕێگەپێدراوەکە لەوانەیە داوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دووبارە-تاقیکردنەوە لە فەرمانبەرێکی ڕێگەپێدراوی باڵاتر بکات.

## مافی بەکارهێنانی موتەرجیم

ئەگەر پێویست بکات، ئەوە داوا دەکرێت کە موتەرجیمێک ئامادەبێت بۆ یارمەتیدانی تۆ لە تێگەیشتن لەو زانیاریانەی کە پەیوەندییان بە تاقیکردنەوەکەی ناسینەوەوە هەیە. موتەرجیمەکە لەوانەیە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەو خزمەتە پێشکەش بە تۆ بکات.

## بۆچی وەزارەت زانیارییەکانی ناسینەوە کەسییەکان کۆدەکاتەوە؟

وەزارەت بەپێی کارنامەی کۆچ (Migration Act) و ڕێنماییەکانی کۆچ ١٩٩٤ (Migration Regulations 1994) مافی کۆکردنەوەی زانیارییەکانی ناسینەوە کەسییەکانی پێدراوە بۆ کۆمەڵێک هۆ، بەمانەی خوارەوەش، بەڵام نەک تەنیا ئەمانە:

- ناسینەوەو دڵنیابوون لە ناسنامە
- چاکترکردنی پرۆسەکانی وەزارەت لە بڕیاردان لەسەر ڤیزەو داخوازییەکانی پاراستن؛
- بەرزکردنەوەی تواناکانی وەزارەت لە دەستنیشانکردنی هاوڵاتییە نا-ئوستراللییەکان ئەوانەی کە رابردویەکی تاوانکارییان هەیە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خەتەرن لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی یان ڕەفتارەکانیان جێگەی نیگەرانین؛
- بەرەنگاربوونەوەی تەزویر و ساختەکاری لەو دۆکیۆمێنتانەی لە پەیوەند بە پرسی کۆچ پێشکەشدەکرێن؛
- جەختکردەنەوە لەسەر ئەوەی داخۆ داخوازیکەرانی ڤیزەی پاراستن یان ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی کەنارەکانی ئوسترالیا داخوازی پارستن پێشکەشدەکەن هەلی پێویستیان بۆ ڕەخساوە تاوەکو سوودمەند بن لە پاراستن پێش لەگەیشتنیان بە ئوسترالیا؛
- ڕازیکردنی حکومەتی ئەو وڵاتانەی کە کەسە ڕەوانەکراو و دەرپەڕێنراوەکانی لێوەهاتوە.

## نهێنیپارێزی تۆ

وەزارەت نهێنییەکانی تۆ دەپارێزێت. وەزارەت دەزانێ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکانی سەر تۆ کاریگەری لەسەر ژیانی تۆ دادەنێن. وردیو دروستیی ئەو زانیاریانەی کە وەزارەت لەسەر تۆدا هەیەتی، تا دەگاتە ڕۆژو ڕێکەوتو پەیوەندییانەوە بە تۆ، گرنگییەکی زۆری هەیە. هاوکات زۆر گرنگیشە کە ئەو زانیاریانەی لەسەر تۆ کۆکراونەتەوە تەنیا بۆ ئەو هۆیە بەکاربهێنرێن کە بۆی کۆکراونەتەوە.

ڕێوشوێنی پێویست بۆ کۆکردنەوەو بەکارهێنانو گلدانەوەو ئاشکراکردنی زانیارییە کەسییەکان بۆ ناسینەوەی کەسەکان لەبەردەستنو پەیرەوەدەکرێن. ڕێوشوێنە پراکتیزکراوەکانی وەزارەت لە نزیکەوە چاوەدێریدەکرێن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە زانیارییە کەسییەکان بە سەلامەتیو بەنهێنی پارێزگاریان لێدەکرێت.

## چەند زانیارییەکی گرنگ لەسەر نهێنیپارێزیی

لە یاسای *Privacy Act 1988* (کارنامەی نهێنیپارێزی). دا ١٣ پرنسیپی تایبەتمەندی ئوسترالیا هەیە کە ڕێکخەری شێوازی وەزارەتە بۆ بەکارهێنانی زانیارییە تاکەکەسییەکان. زانیاری دەربارەی کۆکردنەوەو بەکارهێنانو دانو تێپەڕاندنی زانیارییەکانی تۆ بۆ کاروباری گرنگ ، لە فۆرمی *1442i Privacy notice* (تێبینی نهێنیپارێزیی) کۆکراونەتەوە.



© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2021

زانیاری پتردەربارەی زانیارییە گشتییەکان لە سەر کرداری بە کارهێنان بە (فۆرمی 1442i) ەشەوە لە بەرنامەی تایبەتمەندی وەزارەت لەسەر ئەم لینکە دەستدەکەوێت
**https://www.homeaffairs.gov.au/access-and-accountability/our-commitments/privacy**

## ئایا وەزارەت دەتوانێ زانیارییە کەسییەکانی ناسینەوەی تۆ بدات بە کێ؟

وەزارەت رێگەپێدراوە کە زانیارییەکانی ناسینەوەی کەسییو زانیاری پەیوەندار بە ناوی تۆو بایۆگرافی تۆ بە چەند لایەنێک لەوانە پۆلیس ودامودەزگا تەندروستییەکانو ئەو دامودەزگایانەی کە پێویستیان بە چێککردنی شوناسی تۆوە لە ڕێگەی وەزارەتەوە هەیە. کاتێک وەزارەت زانیارییەکانی ناسینەوەی کەسیی لەسەر تۆ وەردەگرێت ئەوە زانیارییەکان دەبن بە بەشێک، واتە دەچنە سەر، تۆمارەکانی تۆ لە وەزارەت.

وەزارەت بەپێی پێکهاتن‌و بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکان زانیاری لەگەڵ ژمارەیەک لە وڵاتانی دیکە دەگۆڕێتەوە. ئەم زانیاری گۆڕینەوانە لەوانەیە ئەو زانیارییانەش بگرێتەوە کە تۆی پێدەناسرێتەوە، لەوانە وێنەی دەموچاو پەنجەمۆر. بۆ زانیاری پتر سەردانی ماڵپەڕی وەزارەت بکەن لە لینکی خوارەوە
**https://immi.homeaffairs.gov.au/help-support/meeting-our-requirements/biometrics**

ئەگەر هاتو لە ئاکامی گۆڕینەوەی زانیارییەکان دەرکەوت کە کەسێکی دیکە هەمان زانیاری ناسینەوەی کەسیی وەک تۆی هەیە، ئەوە وەزارەت زانیارییە بایۆگرافییەکانی سەر تۆ و کۆپی دۆکیومێنتەکانی سەفەرتو ناسنامەکانت یان هەر زانیارییەک لەسەر ئەو دۆکیومێنتانە هەبن لەگەڵ حالەتی کۆچکردنو چیرۆکو مێژووی کۆچکردنت (کە لەوانەیە سەرپێچیو کەتنەکانی کۆچکردن لەخۆبگرن)، بە ئیزافەی هەر تاوانێک کە لە رابردودا کردبێتت، دەنێرێت بۆ ئەو دامودەزگایانە. مەبەست لە ناردنی ئەم زانیارییانە دڵنیابوونو دەرخستنی شوناسی تۆیە، هەروەها بۆ ئەوەشە کە بزانین داخۆ ئەو ناسنامانەی کە داوتە بە وەزارەتو دامودەزگاکانی دیکە هەمان ناسنامەنو بۆ هەمان داخوازی بەکارهاتون.

بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاترو وردتر دەربارەی دان‌و تێپەڕاندنی ئەو زانیارییانەی کە تۆی پێدەناسرێتەوە واچاکە فۆرمی زانیاری ژمارە 1243i بخوێنیتەوە کە ناسراوە بە *Your personal identifying information* (زانیاریی کەسیی ناسینەوەی تۆ)، کە لە ماڵپەڕی وەزارەت لە خوارەوە دەستدەکەوێت
**https://immi.homeaffairs.gov.au/help-support/departmental-forms**

## بەکارهێنانی هێز بەشێوەیەکی گونجاو

فەرمانبەرە رێگەپێدراوەکان دەتوانن هێز بەشێوەیەکی گونجاو بەکاربێنن بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ناسینەوە یان پاراستنی تاقیکردنەوەکان لە بزربوون یان تێکچوون یان پیسبوونی هەر هۆکارێکی ناسینەوە یان هەر هۆکارێکی ماناداری ناسینەوە کە هەوێنی لە هۆکارەکانی ناسینەوەوە وەرگرتبێت.

سەرەڕای ئەمە، هێز بەکارناهێنرێت ئەگەر تۆ کەمتەمەنێک بیت، واتە تەمەنت لە ١٨ ساڵ کەمتر بێت، یان تۆ کەسێکی کەمتوانا بیت، یان ئەگەر ئەو هۆکاری ناسینەوەیەی کە داواتلێدەکرێت ئەوە واژۆت/ئیمزات بێت. [3]

هێز بەکارناهێنرێت، مەگەر:

- تۆ رێگری بکەیت لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ناسینەوە؛
- کاتێک هەموو رێگەکانی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ناسینەوەی تۆ بەبێ بەکارهێنانی هێز بە بنبەست دەگەن؛ و
- بەکارهێنانی هێز لەلایەن فەرمانبەرێکی رێگەپێدراوی باڵا رێگەپێدرابێت. [4]

## مافەکانی تۆ

ئەگەر لەو باوەڕە دای وەزارەت زانیاری تاکە کەسێ ئێوە بە شێوەیەک بە کار هێناوە کە پێشێلکردنی  پرینسیپەکای تایبەتمەندی ئوستralیا کردووە، ئەتوانن شکاتنامە پێشکەش بکەن بە:

پڕ کردنەوەی فۆرمی ئۆنلاین لە لینکی خوارەوە هەیە
**https://www.homeaffairs.gov.au/help-and-support/departmental-forms/online-forms/complaints-compliments-and-suggestions**

بە نووسین و ناردن بۆ:

Department of Home Affairs
GPO Box 241
Melbourne VIC 3001
Australia

شکاتنامەکەت لێی دەکۆڵدرێتەوە و لە ئەنجامەکەی ئاگادار دەکرێتەوە. ئەگەر بە وەرامدانەوەی وەزارەت قایل نەبووی، ئەتوانی شکاتنامەی تایبەتمەندی بنێری بۆ کۆمسیۆنی زانیاری ئوسترالی (OAIC). بۆ زانیاری پتر لە سەر چۆنیەتی ناردنی شکاتنامەی تایبەتمەندی بۆ OAIC و چۆن OAIC لێکۆڵین و چارەسەری شکاتنامەی تایبەتمەندی تۆ ئەکا، تکایە سەردانی ماڵپەڕی OAIC بکەن لە خوارەوە
**https://www.oaic.gov.au/privacy/privacy-complaints/lodge-a-privacy-complaint-with-us/**
یان پەیوەندی تەلەفۆنی بکەن بە OAIC لە سەر 992 363 1300  (دووشەمە تا پێنجشەمە، کاتژمێر ١٠ ی بەیانی تا ٤ ی پاشنیوەڕۆ AEST/AEDT).
یان نامە بنووسن بۆ ئۆفیسی ئۆمبەسمانی کۆمۆنوێلث بە پڕ کردنەوەی فۆرمی ئۆنلاین لە ماڵپەڕی ئۆمبەسمان **www.ombudsman.gov.au/contact**
یان تەلەفۆنی هێڵی گەرم بکە لە سەر-072 362 1300

| | |
|---|---|
| **ماڵپەڕ** | **www.homeaffairs.gov.au** |
| **هێڵی پرسیار و داواکاری** | تەلەفۆن بکە بۆ **131 881**  لەکاتی دەوامی فەرمی لە ئوستralیا و قسە لەگەڵ کەسەکە بکە (لە دەرەوەی سەعاتەکانی کار زانیاری تۆمارکراو لە تەلەفۆنەکەوە گوێبیست دەبیت). ئەگەر تۆ لە دەرەوەی ئوستralیایت، تکایە پەیوەندی بە نزیکترین کونسلخانەی ئوستralیا  بکە. |

[1] بەپێی بڕگەی ((s.5(1)) لە کارنامەی کۆچ (Migration Act)، ‹فەرمانبەری رێگەپێدراو› واتە ئەو فەرمانبەرەی کە ‹بەنوسین لەلایەن وەزیر یان سکرتێرەکەی بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی یاساکە رێگەپێدراوە›. بەپێی بڕگەی ((s.5(1)) لە کارنامەی کۆچ (Migration Act) فەرمانبەر واتە:

i فەرمانبەرێکە لە وەزارەت، بێجگە لە فەرمانبەر بە نوسراو لەلایەن وەزیرەوە دیاریکراوە؛ یان

ii کەسێکە، بێجگە لە کەسەکە بە نوسراو لەلایەن وەزیرەوە دیاریکراوە؛ کە کەسکە

(a) فەرمانبەرێکە ئەرکی جێبەجێکردنی *Customs Act 1901* (کارنامەی گومرگ) ـە؛ یان

(b) فەرمانبەرێکی بەرگری خزمەتگوزارییە ئەرکی جێبەجێکردنی *Australian Protective Service Act 1987* (کارنامەی بەرگری خزمەتگوزاری ئوسترالیی ١٩٨٧) ـە؛

(c) ئەندامێک لە پۆلیسی فیدرالی ئوسترالیی یان پۆلیسی ویلایەتەکان یان هەرێمەکان، یان

(d) هەر کەسێکی دیکە کە لەلایەن وەزیرەوە بە نوسین رێگەپێدرابێت بۆ ئەوەی ببێت بە فەرمانبەر لەپێناو جێبەجێکردنی ئەم کارنامەیە؛ یان

(e) هەر کەسێکی دیکە کە ئەندامی دەستەیەک بێتو بە نوسراو لەلایەن وەزیرەوە ڕێگەپێدراو بێت بەمەبەستی جێبەجێکردنی کارنامەی کۆچ (Migration Act)، بەو کەسانەشەوە کە دەبنە ئەندام لەو دەستەیە دوای ئەوەی کە ڕێگەپێدانەکەی پێدراوە.

[2] بەپێی بڕگەی ((s.5(1)) لە کارنامەی کۆچ (Migration Act) ‹کەسێکی بێلایەن› واتە ‹کەسێک (بێجگە لە فەرمانبەر یان فەرمانبەرێکی رێگەپێدراو)، ئەو کەسە:

(a) توانای نوێنەرایەتیکردنی هاوڵاتیانی نا-ئوسترالیی هەبێت کە هۆکارەکانی ناسینەوە پێشکەش دەکات یان بتوانێت پێشکەشیان بکات؛ و

(b) تا ئەو رادەیەی کە عەمەلییە، ئەوە کەسەکە لەلایەن هاوڵاتییە نا-ئوسترلییەکانەوە قەبوڵ بێت، کە هۆکارەکانی ناسینەوە پێشکەش دەکات یان بتوانێت پێشکەشیان بکات؛ و

(c) ئەگەر هاوڵاتییە نا-ئوسترالییەکە کەمتەمەن بوو – ئەوکات کەسەکە بتوانێت بە باشترین شێوە نوێنەرایەتی کەسە کەمتەمەنەکە بکات.

[3] ٣ بەپێی بڕگەی ((s.5(1)) لە کارنامەی کۆچ (Migration Act)، ‹کەسێکی کەمتوانا› واتە کەسێک کە «ناتوانێت لە سروشتی گشتیی و کاریگەریی و مەبەستو پێداویستییەکانی پێشکەشکردنی هۆکارەکانی ناسینەوە بگات›.

[4] ٤ بەپێی بڕگەی ((s.261AK(10)) لە کارنامەی کۆچ (Migration Act) ‹فەرمانبەرێکی رێگەپێدراوی باڵا» واتە «فەرمانبەرێک کە لەلایەن سکرتێرەوە رێگەپێدراوە، یان کەسێکە کە ئەندامە لە دەستەیەک لە فەرمانبەران کە لەلایەن سکرتێرەوە ڕێگەپێدراوە بۆ هەستان بە ئەرکەکانی فەرمانبەرێکی ڕێگەپێدراوی باڵا›.

© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2021